# نیکـۆلاس بـاڤرێز: “ڕووخـانی ڕژێمـی ئێـران، حەتمییە؛ ڕۆژاوا دەبێ ئامادە بێت”

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

“نیکۆلاس باڤرێز” (Nicolas Baverez)، نووسەر و شرۆڤەکاری بەناوبانگی فەڕەنسی، لە وتارێکدا لە دوایین ژمارەی هەفتەنامەی “Le Point” لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە بەوەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا، باروددۆخی ئێستای سیستەمی ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەراورد دەکات و دەڵێت: ڕژێمی ئێران نە توانای بەردەوامیی هەیە و نە چاکسازیی تێدا دەکرێت. داڕمانی ئەم دەسەڵاتە، حەتمییە. بە وتەی باوەرز، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە ناوەوە ڕزیوە. چونکە خەڵکی ئێران باوەڕیان بە ئیسلامی شیعە نەماوە و بەرەنگاری سیاسەتی تیرۆری ڕژێم دەبنەوە. بۆیە ڕۆژاوا پێویستە خۆی بۆ دەرەنجامە وێرانکەرەکانی ئەو توندوتیژییە ئامادە بکات کە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی دێتە ئاراوە.

“نیکۆلاس باڤرێز”، نووسەر و شرۆڤەکاری بەناوبانگی فەڕەنسی، لە وتارێکدا لە دوایین ژمارەی هەفتەنامەی “Le Point” لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە بەوەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا نووسیویەتی: ئامانجی ئێران زیاتر لە هەموو شتێک، وەڵامدانەوەیە بۆ کوشتنی سەرکردەکانی حەماس و سوپای پاسداران لە لوبنان و سووریا لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی جێگیرکردنی کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکانی لە دەریای ناوەڕاست و کەنداوی عەدەن.

باڤرێز نووسیویەتی، حکوومەتی تاران یەکێکە لە براوە سەرەکییەکانی جەنگی ئۆکراینا و غەززە. بە گوتەی باڤرێز، ڕژێمی مەلاکان بە پشتبەستن بە نزیکبوونەوەی خۆی لە ڕووسیا و چین و وڵاتانی باشوور، کۆتاییی بە گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی خۆی هێناوە و وەک ڕێبەری “میحوەری بەرخۆدان” لە دژی ئیسرائیل، پشتیوانیی ڕای گشتیی عەرەب و، هەروەها پاڵپشتیی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگەی جیهانی کە مەیلیان بۆ دژەجوولەکەگەرایی هەیە، بەدەست هێناوە.

نیکۆلاس باڤرێز لە درێژەدا ئاماژەی بەوە داوە کە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە سووڕانەوە لە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان توانای داراییی خۆی زیاد کردووە. ئاماژەی بەوەیش کردووە، داهاتی حکوومەتی ئێران لە هەناردەکردنی نەوت و گاز لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی بۆ چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیا، هەروەها فرۆشتنی مووشەک و درۆن بە ڕووسیا، چوار هێندە زیادی کردووە. هاوکات کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی حەماس و حزبوڵڵا و حووسییەکانی یەمەن، کاریگەریی هاوپەیمانیی گرووپە میلیشیاییەکان و مووشەکەکانی لە ناوچەکەدا نمایش کرد، لە کاتێکدا بەرنامەی مووشەکی و ئەتۆمییەکانی خۆیشی بە شێوەیەکی نائاسایی خێراتر کردووە.

بەڵام بە وتەی ئەو شرۆڤەکارە فەڕەنسییە، ئەولەویەتی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر،

مانەوەی ڕژێمی مەلاکانە. بە گوتەی باڤرێز، حکوومەتی ئێران لە بەردەم قەیرانی جێنشینیی ڕێبەری بەساڵاچوو و نەخۆشی کۆماری ئیسلامی، دابڕانی زۆرینەی خەڵکی ئێران لە نیزامی ئایینی و، هەروەها قەیرانی درێژخایەنی ئابووریدایە کە لە سەدا حەفتای دانیشتووانی وڵاتەکەی، لەژێر هێڵی هەژاریدا نوقم کردووە.

نیکۆلاس باڤرێز ڕاشکاوانە دەڵێ، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران هیچ شەرعییەتێکی نییە و تەنیا بە پشتبەستن بە تیرۆر و سەرکوتی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، ماوەتەوە. هەر بۆیە بە گوتەی نیکۆلا باوەرز کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی و پاڵپشتیی سەربازی و دارایی بۆ گرووپە میلیشیاکانی ناوچەکە، دەیەوێت لە ناوەوە گەرەنتیی مانەوەی خۆی بکات. بەڵام بە ئەنجامدانی ئەم کارە بە وتەی باوەرز، ڕژێمی ئیسلامیی ئێران فراوانخوازیی خۆی لە ناوچەکەدا زیاد دەکات. زۆربەی بوودجەی وڵات، بۆ هێزە ئەمنییەکان و پیشەسازییە سەربازییەکان و دامەزراوە ئایینییەکان تەرخان کراوە. ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، بە وتەی ئەو شرۆڤەکارە فەڕەنسییە، مەترسییەکانی گرژی و ململانێی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات – بە تایبەت ململانێی سەربازیی ڕاستەوخۆی نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل. بەم شێوەیە، بە گوتەی نیکۆلا باوەرز، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەری گەڕانەوەی ستراتیژیی ئەمریکا بۆ ناوچەکە زیاد دەکات، کە هەر ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازییەکانی حکوومەتی ئیسلامی، بەتایبەتی ئەگەر کۆتاییهاتنی جەنگی غەززە ببێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئیسرائیل لە سعوودیا و میسر و ئوردن.

نیکۆلاس باڤرێز لە کۆتاییی وتارەکەیدا نووسیویەتی، کۆماری ئیسلامیی ئێران خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەیە، لە پشت فراوانخوازییەکەی و بەهێزیی هێزە پرۆکسییەکان لە ناوچەکەدا. بەو مانایەی کە دۆخی سیستەمی ئێستا لە ئێراندا، توانای بەردەوامبوونی نییە و چاکسازی لەم سیستەمەیشدا ڕێی تێ ناچێت. بە بڕوای باڤرێز: هەرچەندە شکستی سەربازیی ڕژێمی ئێران بەدوور دەزانرێت، بەڵام داڕمانی ئەو ڕژێمە، شتێکی حەتمییە. باوەرز دەڵێت: سەرەڕای دەسەڵاتی ناوچەیی، ڕژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوەوە ڕزیوە، چونکە خەڵکی ئێران باوەڕیان بە ئیسلامی شیعە نەماوە و بەرەنگاری سیاسەتی تیرۆری ڕژێمی ئیسلامی دەبنەوە. پاشان باڤرێز هۆشداریی بە وڵاتانی ڕۆژاوا و بەتایبەتی ئەورووپا داوە کە لەمەودوا پێویستە خۆیان بۆ دەرەنجامە وێرانکەرەکانی توندوتیژی ئامادە بکەن کە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران و میلیشیاکانی دێتە ئاراوە و، هەروەها لە ئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو لێکەوتانە.

**سەرچاوە:**

https://www.rfi.fr/fa